# گروپەکەی زانا تەنها نێرباز نەبوون بەڵکو (بی)ش بوون

تامان شاکر

بەریشی پانو پرچی پر لە ئەسپێ

بناغەی کاری کوردان چۆن وا دەچەسپێ

حاجی

بەندە پێش چەند مانگێك چەند بابەتێکی نووسی لە سەر سێکس، مناڵبازی، و نێربازی، کە لە ڕۆژنامەی میدیا و سایتی دەنگەکان بلاٌوکرایەوە ڕوبەروی کۆمەڵێك ڕەخنەو قسەی ناخۆش و ئیمایلی ناشیرین بوومەوە لە لایەن ئەو کەسانەی کە خۆیان و کۆمەڵگەی کوردی بە خوای شەرەف دادەنێنن و ئەوانە لە بیریان چۆتەوە، کە کۆمەڵگەی کوردیش وەك هەموو کۆمەڵگەیەکی تر مرۆڤی تیا دەژی نەك فریشتە، لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا شتی وا ڕوودەدات خەڵك تووشی سەرسوڕمان دەکات.کۆمەڵگەی ئێمە هەموو جەستەی برینەو پێویستی بە چارەسەر کردن هەیە چارەسەرکردنیش پێویستی بە دیاریکردنی نەخۆشیەکان هەیە، ئێمە کێشەمان زۆرە بەلاٌم پێم وایە گەورەترین نەخۆشی و کێشە لای ئێمە سێکسە،سێکس یەکێکە لەو برینە گەورانەی کە جەستەی کوردی بۆگەن کردووە مرۆڤی کورد نازانی چۆن لەگەڵ ئەم کێشەیە هەڵسوکەوت بکات ، ئاکایی لە ناو گەڵی خۆی دەبێت، ئارەزوو پێداویستیەکانی ژیانی تێر نابن و بۆشایی ڕۆحی تەنگی پێهەڵدەچنێ و لە زۆر شت دوا دەکەوێت ناتوانێ وەك مرۆڤێکی تەندروست بژیت، ئاگایی لێنەبێت دەکەوێتە سەر زمانی هەموو کەسێك و کەس دانی خێری پێدا نانێت و هەموو بە چاوی سووك سەیری دەکەن تاکی کورد دارێکی بە دەستەوەیە هەردوو سەری گووە نازانی دەست بە کوێوەی بگرێت .ئەگەر سێکس لە ناو کورددا مایەی حەیا چوون نەبوایە زانا نەیدەتوانی بەو شێوەیە ئەم گەنجانە کۆنترۆل بکات، سێکس وەك چەکێك لە دژیان بەکار بێنی.

کاتێ گروپەکەی زانا لە کەناڵی کەی تیڤی قسەیان دەکرد و دواتریش خەڵك زۆر بە سەرسامییەوە باسی ئەم گروپەیان دەکرد، و ترسێکی گەورە لە هەناویاندا بوو ڕەنگە ئەوە یەکەمجار بێت شتی وا لە کوردستان ڕوو‌بدات هەم موسڵمانی پلەیەك و شێخ بیت و هەم نێرباز و هەم (بی سێکسوئێل) هەم مرۆڤ پارچە پارچە بکەیت و.لاشەکانیان لە لاڕی فرێبدەیت. من دەڵێم ئەوە یەکەم کوشتن نییە لە کوردستان ڕوو بدات، بەڵکو ئەوە یەکەم جارە بەم شێوەیە لەکوردستان باس لە تاوان و کوشتن بکرێت بۆ خەڵك، ئەگینا تاوانی لەو جۆرە دەمێکە لە کوردستان زۆرە بەلاٌم تا یەخەی حیزب نەگرێت کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە.

من لە ئێوە دەپرسم هەر لە ولاٌتەی ئێمەدا ماوەی چواردە ساڵە ڕۆژانە لەم شارو ئەو شار بەسەدان ژن و کچ بە دەستی کەسو کاریان کوژران و سوتێنران و سەربڕان وەکو یوسف خرانە ناو بیرەوەو کۆمەڵگەی کوردی و حیزبە کوردییەکان لە ئاست ئەو تاوانانە بێدەنگ بوون لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باسیان لێوە نەکراوە، چونکە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوە ببورن حیزب نەبوو،تەنها مەترسی بۆ سەر شەرەفی خێزان هەبووە. ئەگینا

جیاوازی ئەم کوشتنانە لەگەڵ کوشتنەکانی یا شێخ چییە؟ تەنها قوربانییەکانی تر لە لایەن کەسو کاریانەوە پارچە پارچە نەکراون، ئەوەش کەس نایزانێ، ئەگینا کۆتایی هێنان بە ژیانی مرۆڤێك بە هەرشێوەیەك بێت هەر یەك کردارە، ئەگەر تۆ ژیانت لە مرۆڤێك ستاند لاشەکەی چی لێدەکەی لێبکە.

سەرسوڕمانی خەڵك زیاتر لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، لەگەڵ کوشتن نێربازیشیان کردووە لە ڕەوشتی کوردەواری و ئیسلام دوورەو لایانداوە، منیش دەڵێم ئەوانە نە تەنها نێرباز بوون بەڵکو ( بی) ش بوونە واتە هەم لەگەڵ مێنەو و هەم لەگەڵ نێرینە سێکسیان کردووە و پارەیەکی باشیان هەبووەو لە ژێر پەردەی ئاینیشدا هەموو شتێکیان کردووە،چونکە ئاین باشترین پەردەیە لای ئێمە ئەوەندی ڕێز لە مەلایەك یان دەروێشێکی ڕیش پان دەگیرێت ڕێز لە ئارەق خۆرێکی* ناسك ناگیرێت کە ئازاری کەس نادات.و بەدەستی باوکی دەکوژرێت بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی بەرامبەر کەس کردبێت. تەنها لە بەر ئەوەی لەگەڵ ئیسلام ناگونجێ بۆمن ئەو باوکەش وەك زانا تاوان بارە.بە ناوی ئیسلامەوە کوڕەکەی خۆی دەکوژێت نازانم بێجگە لە ئیسلام کێ ئەو حەقەی پێداوە ژیانی کەسێك کۆتایی پێبێنێت .

ئیسلام ناسنامەی ئێمەی شێواندوە هەستی نەتەواییەتی لای تاکی کورد نەهێشتووە هەر جارە لە ژێر پەردەیەکی ئیسلام قرمان دەکەن جاری بە ناوی ئەنفال جاری بە ناوی حەرام جاری بەناوی شەرەف جاری بە ناوی جیهاد هەموو ئەم شتانەش تەنها بۆ لە ناو بردنی کوردە ئەگینا لە دەوڵەتێکی وەکو تورکیا هەم موسڵمانن هەم حیزبێکی ئیسلامی وڵات بەڕێوە دەبات ئەوەی ئیسلامیەکانی کورد دەیکەن،و ئەوەی مەلایەکی کورد لە مزگەوتەکان دەیلێت مەلایەکی تورك نایلێت و نایکات، ئەو مەلایە بەر لەوەی موسوڵمان بێت ترکە و ترکیا بەماڵی خۆی دەزانێت. ئەوە باسی وڵاتە عەرەبیەکان هەر ناکەم کە موسوڵمانەکانی سعودیەو کوێت بۆ ڕابواردنی شەوێك لە ئەوروپا بە ملیۆن دولار سەرف دەکەن. هەموشیان پاریزگاری لە عروبە دەکەن .

ئەی ئەوە هەر ئیسلام نییە شووکردنی کچی هەشت ساڵەی حەلال کردووە ،ئەی ئەوە خومەینی نییە باوکی ڕۆحی شیعەکان دەڵێت پیاو دەتوانی لە زەت لە مناڵی کۆرپەش ببینی ئەی ئەوە هەر ئیسلام نییە سیغە دەکات ئەی ئەوە هەرئیسلامییەکان نین لە ژێر پەردەی ئاینەوە هەموو شتێك دەکەن ڕێگا لە خەڵکی تر دەگرن. ئەوە هەر کوردیشە چاوی ئەو شتانە نابینی و بۆ دوژمنەکانی ماڵی خۆی وێران دەکات.

ئەگەر سەدان مزگەوت لە هەولێر نەبووایە، ئەوەندە تیرۆریستە لە کوێ دروست دەبوون ئەگەر مامۆستایانی ئاینی کوردبوونیان لە سەروی موسوڵمانبوونیانەوە بوایە بۆ تیرۆر لە مزگەوت گەرای دادەنا، حاجی قادری کۆیی دەمێکە هەستی بەو مەترسیە کردووە لە ناو ماڵی کورد و دەفەرمووێ

خانەقاو شێخ و تەکییەکان پێم بڵێن نەفعیان چییە.

غەیری تەعلیمی تەمەڵی و خەزێنە کۆکردنەوە.

بەلام کەس گوێی بۆ نەگرت نە لە ڕابردوو نە ئەمڕۆش، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی کوردی بایەخی زیاتری پێدان، و زیاتر لە مناڵی شەهیدو پێشمەرگە خزمەتی کردوون، ژمارەی مزگەوتەکان هەر لە زیاد بوونەو تیرۆریست

بەرهەم دێنن،جاران تەنها پیاوان دەبوونە دەروێش ئێستا لە سایەی مافی یەکسانی، ژنانیش دەروێشن و حکومەت مانگانەی بۆیان بڕیوەتەوە ئاخر دایکێکی دەروێش ئاساییە تیرۆریستێك بەرهەم دێنی و تەکییەکان دەهەزار جار بەرێزترن لە ماڵە شەهید و ئەنفال کراوەکان موچەی تابیەتیان هەیە، ئەگەر کۆنە بەعسی و جاشیش بوبن و تا دوا ڕۆژی رژێم لە خزمەتی ئەودا بووبن خەڵکی تاوانباریان لە ماڵەکانی خۆیان حەشار دابێت من دەمەوی بزانم سوودی ئەو هەموو تەکیە و خانەقاییە چییە؟ خزمەتی ماڵی لێکترازاوی کورد دەکات؟

رێزدار نێچیرەوان بارزانی دەڵی ئێمە کورد بووین بۆیە ئەو هەموو شتەمان بە سەر هات منیش بە بەرێزی دەڵێم تۆ سەرۆك حکومەتێکی گەنج بوویت دەبوایە زیاتر بەدەنگ کێشەی گەنجەکانەوە بێت و لە کێشەکانیان تێبگەیت و چەند شوێنێکی حەوانەوەو کات بە سەر بردنیان بۆ دابین بکەیت لە جیاتی مزگەوت، گەنجەکان تا کاریان دەست دەکەوت وەك دەروێشەکان مانگانە پێنج سەد دیناریشت دابا بەوان.

لەم هەولێرە شوێنێك نییە گەنج بڕوات بە ئاسوودەیی قاوەیەك بخواتەوە، من باسی شیراتۆن هەولێر ناکەم چونکەگەنجی بێکار ناتوانی ئەو پارەیە بدات ئەوانەی لەو شوێنانەش میوانن، یان ئیمزا دەکەن و پارە نادەن هەمووی لە سەر حیسابی ماڵی شێخە یان خەڵکی دەوڵەمەند و پارە دارن ئەوەی بیری لی نەکەنەوە پارەیە، بەڵام کەس بیری لە گەنجە هەژارەکان نەکردۆتەوە و چۆن دەژین، بۆیە تیرۆریستان ئەم مەسەلەیان قۆستەوەو بەرەکەیان لە ژێر پێی ئێوە دەرکرد

کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی نوێی پەروەردە هەیە ، پێویستی بە وزەی گەنجان هەیە پێویستی بە رێکخستنەوەی دەزگاکان هەیە پێویستی بەرێکخستنەوەی شارو دوکان و بازار هەیە ،پیویستی بە ریکخستنەوەی سیستەمی خێزان هەیە، پێویستی بە یاساو گۆڕانکاری لە بودجەی ژیان هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لە تیرۆر بکرێت پێش هەموو شتێك دەبێت ژیانی گەنج بە باشی دابین بکرێت دەنا هەموو ڕۆژی زانایەك لە دایك دەبێت و ئەم جارە نازانین چی سێکسوئێل دەبێت.

*کوریکی گەنجی رۆژنامە نووس تەنها لە بەر ئەوەی ئارەقی خواردۆتەوە لە دهۆك بە دەستی باوکی دەکوژرێت و کەسیش باسی ناکات یاساش خۆس لیبیدەنگ کردووە .